# جوانترە باران.. بەبێ تۆ!

دڵسۆز حەمە
(هۆڵاند)

١

بەدەم هەڵوەرانی پەڕەپەڕەی گوڵێکی غەمگینەوە
دەڵێ:
من کۆتاییم بە پێوەندییەکەمان هێنا،
وەک ئەوەی کوشتنی ڕووبارێک
سووتانی دارچوالەیەک
کوژانەوەی ئەستێرەیەک و
کەمئەندامکردنی ئەبەدی باڵندەیەک و
دڵ شکانی شووشە عەترێک
پیاوەتی و ئازایەتی بێت!

٢

بۆنی ئێوارانی (ناپۆڵی)
کۆڵانە تەنگ و پێچاوپێچ و ڕوو لە ئاسمانەکانی
(ناپۆڵی)
پڕە لە بۆنی ڕێحانە و
ڕەنگی زەیتوون و
پەنیری پارمیژان
بەسەر قاپێک یادەوەری
ئەوکاتەی من و تۆ
لەو کۆڵانە تەسک و پێچاوپێچ و پڕ گوڵانەدا
یەکترمان دەگرتە باوەش
پێش ئەوەی دواجار
لەسەر شەقامێکی خۆڵەمێشی و لە ڕۆژێکی بێ
بۆن و تەمتوماندا
بۆ ئەبەد
دەست لەیەکتری بەردەین!



٣

لە فیزیا و کیمیا و ماتماتیک
زیرەکترین بووم
لە زمانی ئینگلیزی و زیندەوەرزانی و
ناسینەوەی شمشێرەکەی موتەنەبی
بەسەر دڵی بیابانەوە،
لێدانی دڵی (گۆران) بەدیار جوانی سروشتەوە
زیرەکترین بووم
لە ناسینەوەی غاز و کاربۆن و کانزاکاندا
بێ وێنە بووم
وەلێ لەسەر ڕاستە ڕێگەی ژیان ساتمە دەکەم
لە ناسینەوەی ئاشنا و نائاشنا
جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمن و
ڕۆح لە سێبەرەکان
هەمیشە بە نەزانی خۆم بریندار دەبم
بەردەوام دەکەومە هەڵەوە!.

٤

تەمەنێکم لە پێکردنی چرا و
داگیرسانی وشە و
گڕدانی کۆڵانە پەنهانەکانی تەنیاییدا بەسەر برد
تەمەنێکم لە ئاشتکردنەوەی بەرد و
ڕووناک کردنەوەی پەنهانەکانی حەقیقەتدا بەسەر برد
تا لەم تونێلە دەرچم و
چارەنووسم بەرمە سەر بستێک ڕووناکی
سەر ڕووبارێک تریفە
زەمینێکی میهرەبانتر،

کەچی
شتێکی وای نەماوە تەمەن
پەنجە بە دەستەکانمەوە نەما
تونێلەکە بەردەوام درێژتر دەبێتەوە و
تا دێت تاریک و تاریکتریش!!.

٥

بریندارم بە تۆ
وەک ئەو سنەوبەرەی لە خەودایە و
بۆمبێکی تەقیو دەیکات بە دوو کەرتەوە و
دەکەوێتە سەر زەوی
بریندارم
وەک ئەو کۆترەی
لە کاتی گمە و فڕیندا
ساچمەیەک دەدات لە سنگی و
سوور سوور دەبێت پەڕەکانی.

٦

بە کچەکەم دەڵێم: بیرت دێت ڕۆژی بەفرە زۆرەکە
پێستی خۆم دەکردە بەرت
تا تۆ گەرمتر بیتەوە
بیرت دێت ڕۆژەکانم دەسووتاند
پەنجەکانم دادەگیرساند
تا چرای ژوورەکەت ڕووناک و ڕێگەکەت ڕوونتر بێتەوە
کچەکەم پێدەکەنێت و دەڵێت : هەر بیریشم نییە
دایکایەتی ڕووبارێکە
ئەوکاتەی ژیان و جەنگەڵ و باڵندە و تیمساح و
دڕندە و پەپوولەکانیش دەخەون
ئەو بەردەوام هەڵدەقوڵێت و لووزەی دێت و
وەستانی بۆ نییە و
چاوەڕێش ناکات ماسییەک پێی بڵێت: سوپاس!

٧

گوتنی حەقیقەت هەموو ئەوانەی تۆران لێم
کە ڕۆژێک پێموابوو
هەقیقەت بن لە ژیانمدا.

٨

هونەر ئەوەیە

بە پێوە بیت
ئەوکاتەی دڵنیا بوویت
کە جێگەکەی تۆ لای ئەو
زۆر بچووکترە لەوەی داتنابوو،
یان هەر جێگەت نییە ئەسڵەن.

٩

تەنیایی دەمکوژێت
وەک ئەو دەردەدارەی
دوکتۆر ئیزنی داوە و
مردن لەسەر پێخەفەکەی دانیشتووە
شێرپەنجە بەخوێنیدا دێت و دەچێ،
تەنیایی و شێرپەنجە.. فەرقی چییە؟!

١٠

دەستم لە سێبەرەکەم بەردا
چوومە بنی دەریاکەوە
کاتێ سەرم هێنایەدەر
نە سێبەرەکەم لەوێ مابوو
نە کەسیش هەر هەستی بە ون بوونم کردبوو!

١١

لەژێر پێستەکەمدا جێم بێتەوە
لەچیرۆکەکەمدا دیلم
بە عەشق، بە ژنێتیم، بە دایکایەتیم، بە
میهرەبانیم دەچەوسێمەوە
رۆژ لە دوای رۆژ
لەگەڵ مردن نەرمتر و

زیاتر دەبینە هاورێ!

١٢

خەونەکانم
بەسەحرادا تێپەڕی و
لە کوشتارگەکان هەڵهات و
لە شەڕەکاندا بریندار و
لە غوربەتدا کۆتایی هات
بۆ کۆترێک فڕینی بیرچووبێتەوە
بوون و نەبوون وەک یەکە ئیتر!

١٣

چاوەڕێین بێگانەکان
نێوانی من و تۆ چاک کەنەوە!

١٤

دوای بڕینی دەریایەک فرمێسک
بڕینەوەی جەنگەڵێک درەختی یادەوەری
توانیم بۆ ئەبەد
نیشتمانی ئەوینت جێ بهێڵم
لەو سنوورە دوورکەومەوە و
بۆ ئەبەد بیرم چێتەوە!

١٥

وەرزی گریان و ئازار و ئیشتیاق تێپەڕی
وەرزی بیرکردنی تۆ
سبەینان کە قاوەکەم دەخۆمەوە
ئینجانەکانم ئاودەدەم
خۆم دەدەمە بەر پرژەی زێڕینی خۆرەتاو
یان لێزمەی زیوینی باران و
دەستی ئاوریشمینی نەسیم،
دەڵێم: چ باشە کە لێرە نەبوویت!

تەمموزی ٢٠٢٥